***چۆنیەتی ڕێکخستنی لاپەڕەکانی توێژینەوەی زانستی :***

❖ ***لاپەڕەکانی توێژینەوەی زانستی بەم شێواز و ریزبەندییە ڕێک دەخرێت :***

- **لاپەڕەی یەکەم : بابەت .**
- **لاپەڕەی دووەم : ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز ، حەدیسێک یاخود وتەیەک کە باس لە زانست و فێربوون بکات یان پەیوەندی بە ناونیشانی توێژینەوەکە هەبێت .**
- **لاپەڕەی سێیەم : پێشکەش کردن .**
- **لاپەڕەی چوارەم : سوپاس و پێزانین**
- **لاپەڕەی پێنجەم : پێرستی بابەت + ( پێرستی وێنە، هێڵکاری و خشتە ئەگەر لە توێژینەوەکە بەکار هاتبوو ).**

**تێبینی :**

**لە لاپەڕەی دووەم تاوەکوو کۆتا لاپەڕەی پێرست نابێت لە بەشی خوارەوە ژمارە ( ڕەقەم ) دابنێین بەڵکوو بەم دوو شێوازە ئاماژە بە لاپەڕەکان دەکەین:**

**یەکەم : بە شێوەی نووسین ( یەک ، دوو ، سێ و ... ) دووەم : لە ڕێگەی پیتەکانی ئەلفبا ( ئەلف ، ب ، ج ، ... ).**

**لە یەکەم لاپەڕەی پێشەکی نووسینی ژمارەی لاپەڕەکان بە ژمارەی ئاسایی دەست پێدەکات تا کۆتا لاپەڕەی توێژینەوە.**

- **شەشەم : پێشەکی .**
- **حەوتەم : گرنگی توێژینەوە .**
- **هەشتەم : ئامانجی توێژینەوە .**
- **نۆیەم : پرسیاری توێژینەوە .**
- **دەیەم : گریمانەی توێژینەوە . " گریمانە بریتیە لە وەڵامێکی کاتی کە ڕاست و هەڵەبوونی دەخرێتە بەردەم تاقیکردنەوە " . کەواتا ئاساییەکە توێژەر لە کۆتایی توێژینەوەکەی بگاتە ئەم ئەنجامە کە ئەو گریمانەیە دایناوە هەڵەیە یاخود پێچەوانەکەی ڕاستە ، هەڵبەت ئەمەش دەبێت پشت بە چەند بەڵگەیەکی زانستی ببەستێت .**

تێبینی :

ئەگەر توێژەر لە توێژینەوەکەی هەم پرسیاری سەرەکی هەبوو هەم پرسیاری لاوەکی ئەو کات دەبێت لە گریمانەش هەم گریمانەی سەرەکی هەبێت هەم گریمانەی لاوەکی ، ئاشکرایە گریمانەی سەرەکی لە وەڵامی پرسیاری سەرەکی و گریمانەی لاوەکی لە وەڵامی پرسیاری لاوەکی .

- یانزەیەم : بگۆڕەکان . بگۆڕ ئەو شتەیە کە دەگۆڕدرێت یان گۆڕان درووست دەکات . چەن جۆر بگۆڕ هەیە لەوانە بگۆڕی سەربەخۆ و بگۆڕی گرێدراو یان وابەستە، بگۆڕی سەربەخۆ گۆڕانکاری دروست دەکات ، بگۆڕی گرێدراو یان وابەستە گۆڕانکاری وەردەگرێ .

نموونە : جەنگ کاریگەری لە سەر ئابووری وڵات درووست دەکات .

بگۆڕی سەربەخۆ : جەنگ بگۆڕی گرێدراو ( وابەستە ) : ئابووری وڵات

- دوانزەیەم : میتۆدی توێژینەوە : واتا چ میتۆدێک بەکار هاتووە : وەسفی ، مێژوویی ، شیکاری ... هتد .
- سیانزەیەم : شێوازی کۆکردنەوەی زانیاریەکان. (کە دوو جۆر شێواز هەیە: کتێبخانەیی و مەیدانی) .
- چواردەیەم : ئاستەنگەکانی بەردەم توێژینەوە
- پانزەیەم : پێکهاتەی توێژینەوە ، واتا باس کردنی ئەوەی کە توێژینەوەکە لە چی پێکهاتووە . بۆ نموونە دەڵێین :

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی ، ناوەڕۆک و دەرەنجامێک پێک هاتووە. ناوەڕۆک لە چوار بەش پێکهاتووە : بەشی یەکەم خۆی لە سێ باس پێکدێت ، لە باسی یەکەم پێناسەکانی تیرۆر دەخەینە روو . لە باسی دووەم مێژوو و چۆنیەتی گەشەسەندنی تیرۆر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخرێتەروو . لە باسی سێیەم جۆرەکانی تیرۆر خراوەتە روو .

بەشی دووەم لە چوار باس پێک دێت: لە باسی یەکەم ... . بەم شێوازەو بە شێوەیەکی گشتی باسی پێکهاتەی توێژینەوەکە دەکەین .

تێبینی :

بە دوو خاڵ دەتوانین باسی جیاوازی نێوان پێرست و پێکهاتەی توێژینەوە بکەین : یەکەم : پێرست هەموو بابەتەکانی ناو توێژینەوە لە خۆ دەگرێت لە کاتێکدا پێکهاتەی توێژینەوە

**تەنها بە گشـتی باسـی بـابەتە سـەرەکییەکان دەکـات . دووەم : لە پێرسـت بەرامـبەر هەر بابەتێک ئاماژە بە ژمارە لاپەڕەکەیشی دەکەین لە کاتێکدا لە پێکهاتەی تـویژینەوە نـاتوانین و ناکرێت ئاماژە بە ژمارە لاپەرەکان بدەین .**

- **دەرەنجام پێش لیستی کۆتایی سەرچاوەکان دەنوسرێت کەواتا پاش دەرەنجامەکان لیسـتی کۆتایی سەرچاوەکان دەنووسین .**